کوردستان نێت
KURDISTAN NET
رۆژنامەیەكی ئەلەكترۆنی رۆژانەی گشتی سەربەخۆی كوردییە
www.kurdistannet.org
بەكاتی ناوەندی ئەوروپا 13-4-2007 1:05

# شاری سوڵتان موزەفەر و كەرنەڤاڵێكی بێ وێنە ... نەجات ئەسپینداریی

ئەمساڵیش وەكو ساڵەكانی تر دوانزەی (ربيع الاول) مان بەرێكرد كە رۆژێكی مێژوویی بوو، لەو رۆژەدا خەڵكی هەولێر بەهەموو چین و توێژەكانیەوە هەستابوونە سەر پێ و لەكەرنەڤاڵێكی گەورەدا یادی رۆژێكی شكۆداریان كردەوە كە یادی لەدایكبوونی پێشەنگی ئازادیخوازان و چاوساغی رێگای رزگاریخوازان پێغەمبەری ئیسلام بوو (د . خ) بێگومان ئەورۆژە خۆشترین رۆژە لە رۆژەكانی ساڵدا جوانترین رۆژە لە رۆژەكانی ساڵدا، ئەگەر رۆژەكانی تر وەكو ئەستێرە وابن بە ئاسمانەوە ئەورۆژە وەكو خۆری پرشنگدارە بەئاسمانەوە، چونكە لەو رۆژەدابوو لە دنیایەكی تاریك و پڕ لە تەمتوماندا گزنگی خۆر دەركەوت و هەموو تارماییەكانی ڕاماڵی، لەو رۆژەدابوو لە دنیایەكدا كە ستەم و بێدادی تەواوی خەڵكی سەرزەوی خستبووە ژێرباری مەینەتی و ئێش و ئازار و منداڵ زیندە بەچاڵ دەكراو ئافرەت وەكو رەگەزێكی بێ بەها سەیر دەكراو ڕەش پێست و كۆیلەكان لەشوێنە گشتییەكان وەكو كەڵەشێر دەكران بەگژ یەكتردا و بەشەڕیان دەهێنان ئا لەو كاتەدابوو پێشەنگی ئازادیخوازان دەركەوت و ئەو كۆت و بەندانەی لەسەر مرۆڤەكان لابرد، بۆیە دەبینین چواردە سەدە زیاتر دەبێ كە ئەو زاتە مەزنە كۆچی دوایی كردووە كەچی بەدرێژایی رۆژگار و قۆناغ بە قۆناغ و جیل لەدوای جیل یادی كۆچكردن و یادی لەدایكبوونی ئەو پێغەمبەرە مەزنە شكۆدارتر و زیندووتر دەبێ لەدڵی موسڵمانان و خەڵكی سەرزەوی، لێرەدا ئەوەی جێی ئاماژە پێكردنە ئەوەیە كە ئەمساڵ ئەم یادە پیرۆزە لەشاری هەولێر زۆر بەرزو پیرۆز ڕاگیراو تەواوی شار وەكو كەڤاڵێكی رەنگاو ڕەنگ دەهاتە بەرچاو، ئاهەنگی یادی پێغەمبەر لە هۆڵی گەورەی هوتێل های سیتی گە نزیكەی 4000 هەزار كەس ئامادە بوو وە نزیكەی 3000 هەزار كەس جیچگەی نەبووە لە دەرەوەی هۆڵچەكە بوون، ئەمەش جارێكی كە سەلماندنی خەلچكی كوردستان چەندە ئەو پێغەمبەرو ئاینەكەیان خۆش دەوێت، بێگومان هەر ئەوەش لە شاری سوڵتان موزەفەر چاوەڕێ دەكرێ و ئەوە نەریتێكی ئایینی زۆر جوانە لە سوڵتان موزەفەرەوە بەمیرات بۆ خەڵكی ئەم شارەو تەواوی كوردستان بەجێماوە، سەردەمانێك كە سوڵتان موزەفەر حاكمی ئەم شارەبوو ئەم یادە پیرۆزە گەورەترین بۆنەو موناسەبەبوو لەشاری هەولێردا، (ابن خلكان) دەڵێ كە یادی لەدایكبوونی پێغەمبەر نزیك دەبۆوە سوڵتان موزەفەر بەشێوەیەكی بەرفراوان خۆی بۆ ئامادە دەكرد، هەروەها دەڵێ سوڵتان موزەفەر لە دەروازەی قەڵاوە تا دەگاتە خانەقا ئەوناوەی هەموو دەڕازاندەوەو قوببەیەكی بۆخۆی هەڵدەداو چەندین قوببەشی بۆ ڕاوێژكارو یاردەدەرەكانی هەڵدەدا كە هەموو قوببەكان لە دار دروست دەكران، خەڵكی هەولێرو گوندەكانی دەوروبەری هەمووی بانگ دەكردو بۆ ماوەی دوو ڕۆژان لەسەر سفرەی سوڵتان خزمەت دەكران و ئاهەنگ و سوار سوارانێ و ڕمبازی و كەیف و سەفا بەشێوەیەكی ڕێك و پێك بەڕێوە دەچوو، هەروەها (ابن خلكان) دەڵێ دەنگ وباسی ئەو ئاهەنگ و یادە پیرۆزە گەیشتبووە وڵاتانی دەوروبەرو ساڵانە خەڵك بە وەفد دەهاتن بۆ بەشداریكردن لەو یادە پیرۆزەدا، (ابن خلكان) و (ابن الجوزى) كە هەردووكیان لەو سەردەمدا ژیاون دەڵێن هەموو ساڵێ لەو یادە پیرۆزەدا پێنج هەزار سەرەمەڕ سەردەبڕاو دەهەزار مریشك سەر دەبڕاو ((30000 سی هەزار سنی شیرنەمەنی ئامادە دەكرا، هەروەها سوڵتان موزەفەر هەموو ساڵێ لەو یادەدا سێسەد هەزار درهەمی بەسەر یەتیم و بێوەژن و كەمدەرامەتەكان دابەش دەكرد، جیا لەوەی كە چەند دەزگایەكی خێرخوازی دامەزراندبوو بۆ ماڵە یەتیم و بێوەژن و هەژاران كە مانگانە موچەی خۆیان وەردەگرت، هەروەها (ياقوت الحموى) ئەویش كە لەو سەردەمدا ژیاوە دەڵێ سوڵتان موزەفەر ئەوەندە غەریب دۆست و فەقیر دۆست بووە هەتا جیاوازی لەنێوان خۆی و بێگانەدا نەكردووە و خەڵكی هەژار لەوڵاتانی دەوروبەرەوە دەهاتن ڕوویان تێدەكرد چونكە دەیانزانی سوڵتان موزەفەر نائومێدیان ناكات.

سەرچاوە / مڤفردين كوكبورى
امير اربل
تاليف /عبدالقارد احمد طليمات

ئەو نووسینانەی لە كوردستان نێت دا بڵاودەكرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەكانیانە، كوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.